سەرۆکی هەرێم لەگەڵ باڵیۆزی فینلەندا کۆبووەوە

نوسینگەی راگەیاندنی سەرۆکایەتی هەرێم لە بەیاننامەیەکدا رایگەیاند:-لە کۆبوونەوەیەکدا هەردوولا جەختیان لە خواستی دوولایەنە بۆ بەرەودان بە پەیوەندییەکان و فراوانکردنی هاریکاریی هاوبەشی فینلەندا لەگەڵ عێراق و هەرێمی کوردستان لە بوارە جیاکاندا کردەوە، هەروەها دەربارەی دۆخی سیاسی و ئەمنیی عێراق و گرنگیی پاراستنی ئارامی و سەقامگیریی وڵات، بیروڕایان گۆییەوە.

سەرۆك نێچیرڤان بارزانی، سوپاس و پێزانینی هەرێمی کوردستانی بۆ بەشداریی فینلەندا لە هاوپەیمانیی نێودەوڵەتیی دژی داعشدا دەربڕی و ستایشی پشتگیریی فینلەندای لە عێراق و هەرێمی کوردستان کرد بۆ بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر، هەروەها ئاماژەی بە ڕۆڵی هێزەکانی فینلەندا کرد کە هێشتا لە هەرێمی کوردستان، لە ئەرکدان.

کاریگەری و لێکەوتەکانی شەڕ لە ئۆکراینا و دواییین پێشهاتەکانی دۆخی ئاڵۆزی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و شەڕ لە غەززە و چەند پرسێکی دیکەی جێی بایەخی هاوبەش، تەوەرێکی دیکەی

کۆبوونەوەکە بوو.